Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10226

# شیکردنەوەی نامەکانی ماستەر وتێزی دکتۆرا لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی (٢٠٠٧ - ٢٠١٨)

**ڕۆزە حەمەوەیس حەمە میرزا[1]، جواد نعمت حسێن[2]، فواد علی احمد[3]**

1- بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

2- بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

3- بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (شیکردنەوەی نامەکانی ماستەر و دکتۆرای بەدەست هاتوو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لە (٢٠٠٧-٢٠١٨)
تایبەتە بە شیکردنەوەی ئەو توێژینەوانەی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر دکتۆرا ئەنجام دراون ، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە م پرسیارە سەرەکییەی ئایا تایبەتمەندی پێکهاتەی نامەکانی ماستەر و دکتۆرای بەدەستهاتوو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی چین؟ لە ڕووی :( بواری بابەتی نامەکان، ژمارەی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا، ڕەگەزی توێژەران، ساڵی ئەنجامدان ،ژمارەی لاپەرە، جۆری میتۆدی بەکارهاتوو لە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکاندا، کۆمەڵ و نموونەی توێژینەوەکان، ئامرازی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان،تیۆری ڕاگەیاندنی پەیرەوکراو، شێوازی خستنە ڕووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان، ئامرازی ئاماری بەکارهێنراو لە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکاندا ،شێوازی دەرهێنانی نامە و تێزەکان لە ڕووی لایەنی شێوە و هونەرییەوە.) لە گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە دیاریکردن و شیکردنەوەی ناوەرۆکی نامەی ماستەرو دکتۆرای بەدەستهاتوو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لە ماوەی( ٢٠٠٧-٢٠١٨) هەرێمی کوردستان بە پێی پێکهاتەی ناوەرۆکی نامەکان و میتۆدی بە کارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە میتۆدی وەسفی وە کۆمەڵی توێژینەوەکە ،بریتیە لە سەرجەمی ئەو نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرایانەی کە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلیمانی لە (٢٠٠٧-٢٠١٨)،لە گرنگترین ئەودەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتە لە نامەی ماستەر زۆرتربووە لە چاو دکتۆرادا، پسپۆری ڕۆژنامەو تەلەفزێۆن یەکسان و زۆرینە بوون بەراورد پەیوەندی گشتی،لە زۆرینەی توێژینەوەکاندا هیچ تیۆرێکی ڕاگەیاندن بەکار نەهێنراوە ،فۆرمی ڕاپرسی باوترین جۆری ئامرازی بەکارهاتوو بووە لە کۆکردنەوەی زانیاری.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

شیکردنەوە، نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی

***Corresponding Author***

**roza.merza@univsul.edu.iq**

## پێشەکی:

توێژینەوە لە هەر بوارێکی زانستیدا گرنگی و بایەخی تایبەت بە خۆی هەیە، توێژینەوی زانستی لە بارەی شیکردنەوەو خستنە ڕووی توێژینەوەکانی ماستەرو دکتۆرا لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لە و ماوە زۆرەی کە چەندان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا بەدەست هاتوون لە بواری ڕاگەیاندن کارێکی گرنگ و بایەخدارە،وەک هەنگاوێکی گرنگە بۆ دەستنیشانکرادنی تایبەتمەندیەکانیان و دەرخستنی لایەنی بەهێزو لاوازی نامەو تێزەکان ، توێژەر توێژینەوەکەی دابەشکردووە بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە لە بەشی یەکەمدا کە پێک دێت لە چوارچێوەی توێژینەوەکەی تیادا باسی هەر یەک لە(کێشە، گرنگی،ئامانج، نموونە،کۆمەڵ، میتۆد،سنوور،

ناساندنی چەمک و زاراوە، ڕاستگۆیی، جێگیریی،توێژینەوەکانی پێشوو،خاڵی هاوبەش و جیاوازی توێژینەوەکەی و توێژینەوەکانی پێشوو)ی کردووە،بەشی دووەمی توێژینەوەکەی کە تایبەتە بە بەشی تیۆری تیایدا باسی لە هەریەک لە (توێژینەوەی زانستی ،توێژینەوەی ڕاگەیاندن، گرنگی توێژینەوە ی ڕاگەیاندن، ئامانجەکانی توێژینەوە ڕاگەیاندنکارییەکان) کردووە، لە بەشی سێیەمدا کە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە بووە ،لە ڕێگەی فۆرمێکەوە شیکاری بۆ هەریەک لە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، بەشی چوارەم تایبەتە بە دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان.

## چوارچیوەی توێژینەوەکە:

**کیشەی توێژینەوەکە:** کیشەی ئەم توێژینەوەیە بە ناو نیشانی (شیکردنەوەی نامەکانی ماستەر و دکتۆرای بەدەستهاتوو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلیمانی)،بریتیە لە نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستی پیشتر دەربارەی ئەم بابەتە، سەرەڕای ئەنجامدانی چەندەها نامەی ماستەر و دکتۆرا لە بواری ڕاگەیاندن لە چوار چێوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێویستە بخرینە ژێر پرۆسەی شیکردنەوە و هەلسەنگاندن، بە مەبەستی دەرخستنی لایەنە ئەرینیەکانیان بۆ بەردەوامبوون لە سەریان و دەرخستنی لایەنە نەرینییەکانیان و پێشنیازکردنی ڕێگای چارەسەرکردنیان،ئەوەش لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی نامەکانی ماستەر و دکتۆرای ئەم بوارە لە کوالیتی و شیاوی لە ڕووی زانستی میتۆلۆجیدا بۆیە توێژەر لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە کێشەی توێژینەوەکەی بخاتە ڕوو:

ئایا تایبەتمەندی پێکهاتەی نامەکانی ماستەر و دکتۆرای بەدەستهاتوو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی چین؟ لە ڕووی :( بواری بابەتی نامەکان، ژمارەی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا، ڕەگەزی توێژەران، ساڵی ئەنجامدان ،ژمارەی لاپەرە، جۆری میتۆدی بەکارهاتوو لە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکاندا، کۆمەل و نموونەی توێژینەوەکان، ئامرازی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان،تیۆری ڕاگەیاندنی پەیرەوکراو، شێوازی خستنە ڕووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان، ئامرازی ئاماری بەکارهێنراو لە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکاندا ،شێوازی دەرهێنانی نامە و تێزەکان لە ڕووی لایەنی شێوە و هونەرییەوە.)

## ئامانجی توێژینەوەکە :

زانین و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی نامەی ماستەرو دکتۆرای بەدەستهاتوو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لە ماوەی( ٢٠٠٧-٢٠١٨) هەرێمی کوردستان بە پێی پێکهاتەی ناوەڕۆکی نامەکان .

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی بە کارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە میتۆدی وەسفی لە جۆری وەسفی شیکردنەوەیی (شیکردنەوەی ناوەڕۆک)

کۆمەڵی توێژینەوەکە :بریتیە لە سەرجەمی ئەو نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرایانەی کە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلیمانی لە (٢٠٠٧-٢٠١٨).

## نمونەی تویژێژینەوەکە:

توێژەر بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکی شیوازی کۆگیری (حصر شامل) ی وەرگرتووە واتە هەموو نامەی ماستەو و تێزی دکتۆرایانەی لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی گفتوگۆکراون،بەڵام هەموو نامە و تێزەکان دەست توێژەر نەکەوتن بۆیە هەوڵماندا زۆرتریی نامە تێزەکان لە بەشی ناوبراو وەر بگرین ،بۆیە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لە کۆی ٧٢ نامەی ماستەر و تیزی دکتۆرا (٦٢)نامەو تێز وەک سامپڵ وەرگیراون ،بە جۆرێک (٤٩ ماستەر و١٣ تیزی دکتۆرا بوون.

## سنووری توێژینەوەکە :

سنووری توێژینەوەکە: سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە

سنووری بابەت :بریتیە لە شیکردنەوە ی ناوەڕۆکی نامەی ماستەر و تیزی دکتۆرای بەدەست هاتوو لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی بە پێی ناوەڕۆکی نامەکان

-سنووری شوێن : بریتیە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان –عێراق کە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای تێدا بە دەست هاتووە.

سنووری کات :بریتە لەو ماوەیەی کە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای تێدا بەداست هاتووە کە لە (٢٠٠٧-٢٠١٨)دەگرێتەوە.

## ناساندنی چەمک و زاراوەکان :

شیکردنەوە :پشکنینی دەق و لێکۆڵینەوەیەتی بۆ دۆزینەوەی واتا شاردراوەکان و ئەو ئامانجانەی کە کەسی شیکارکەر مەبەستیەتی بە پێی نەخشەو بەرنامەیەکی دیاریکراو(جەمال عبدول ،٢٠٠٤،ل ٢٦)

**نامەی ماستەر:**توێژینەوەیەکی پسپۆڕی دادەنرێت کە مەبەستی هێنانەدی نوێگەرییە لە زانیاری ڕۆشنبیری و ڕاستییکان و ڕاهێنانی توێژەر بۆ بەدەست هێنانی ئەزموون لە چوارچێوەیەکی وردترو فراوانتر لە ئامادەکردن و بە دواداچووندا بۆیە توێژینەوەی ماستەر تاقیکردنەوەی زیرەکی و توانای توێژەر و ئامادەگییەکانیەتی لەسەر درێژەپێدانی توێژینەوە ( غازی عنایة : ٢٠٠٦ ،ل ٢٠ ).

**تێزی دکتۆرا:**بەرزترین توێژینەوەی پسپۆڕی و لوتکەی توێژینەوە زانستییەکانە، بە مەبەستی نوێکاری چەسپاو ڕیشەیی لە مەیدانی زانستەکاندا،کە دەتوانرێت کتێبخانە داوڵەمەند

بکات بە بیرۆکەی نویێ و بیردۆزی داهێنراوی زانستی (غازی عناية : ٢٠٠٦ ،ل ٢٠ ).

**بەشی ڕاگەیاندن:** ساڵی (١٩٩٩-٢٠٠٠) بڕیاری کردنەوەی دراوە و لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠-٢٠٠١) خوێندکاری وەرگرتووە، لەقۆناغی سێیەمدا، خوێندکار لە یەکێک لە لقەکانی (ڕۆژنامە، تەلەفیزیۆن، پەیوەندی گشتی) پسپۆڕی وەرگرتووە، لە ئێستادا (٢٤) مامۆستای میلاکی هەیە، بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)بەشی پەیوەندییە گشتییەکان جیابۆتەوە.(سەلام نەسرەدین، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢)

**زانکۆی سلێمانی:** بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1968 دامەزراوە، کەمپی سەرەکی دەکەوێتە شاری سلێمانی لە کوردستانی عێراق. لە سەرەتاوە تەنها سێ کۆلێژ هەبوون .لە ساڵی 1981 ڕژێمی پێشووی عێراق ئەم دامەزراوە ئەکادیمییەی گواستەوە بۆ شاری هەولێر و ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (زانکۆی سەلاحەدین). ساڵی 1992 زانکۆی سلێمانی بە هەوڵێکی زۆر و حەماسەتی زۆرێك لە ڕۆشنبیران و ئەکادیمییەکانی کورد لەگەڵ خەڵکی شاری سلێمانی دامەزرا و لە 14ی تشرینی دووەم بە فەرمی کرایەوە. (univsul.edu.iq، 2022)

## توێژنەوەکانی پێشوو:

**یەکەم:** توێژینەوەی آل عثمان (منال بنت محمد بن عبدالعزيز آل عثمان ،٢٠٠٩):

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتی بووە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

تایبەیمەندی نەمەکانی ماستەر و دکتۆرا لە بواری خوێندنی ئەلکترۆنی چی بووە لە کۆلێژی پەروەردە و بەشەکانی زانکۆی الملک سعود لە ماوەی ١٤١٤-١٤٢٧ھ ؟توێژەر لە ڕێگەی کۆمەڵێک پرسیاری لاوەکی ترەوە کێشەی توێژینەوەکەی خستووەتە ڕوو لە گرنگترین پرسیارەکان:

*ئەو پلەی زانستیەی کە لە نامەکاندا بەدەست هاتووە چی بووە؟

*ڕەگەزی لێتوێژراوان لە توێژەرەکاندا چی بووە؟

*ئەو ماوەییەی کە لە توێژینەوەکە کاندا وەرگیراوە چەند بووە؟

*کامانە بوون ئەو بەشە زانستیانەی کە خوێندنی ئەلکترۆنیان زۆرتر بەکارهێناوە لە نامەکانیاندا؟

*کام ئامرازانە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە بەکارهێنراون؟

٢- ئاڕاستە گشتییەکانی توێژینەوە چی بوون لە بواری خوێندنی ئەلکترۆنی ؟ توێژەر لەڕێگەی ئەم پرسیارەوە ئەم کێشیەی خستوەتە ڕوو:

*ئەو پێوەرە جیهانیانە کامەنە بوون کە توێژینەوەکان پەیڕویان کردووە؟

ئامانجی توێژینەوەکە :توێژینەوەکە لە هەوڵی بە دیهێنانی ئەم ئامانجانەدا بووە:

دیاریکردنی تایبەتمەندی نامەکانی ماستەروو دکتۆرا لە بواری خوێندنی ئەلکترۆنی لە کۆلێژی پەروەردە و بەشەکانی لە زانکۆی الملک سعود لە ڕیاض لە ماوەی ١٤١٤-١٤٢٧ھ.

دیاریکردنی ئاڕاستە گشتیەکانی بەبەتی توێژینەوە کە لە توێژینەوەکانی بواری خوێندنی ئەلکترۆنیدا ڕەچاو کراون .

جۆری توێژینەوەکە :

یەم توێژینەوەیە لە جۆری میتۆدی وەسفی ڕووپێویە و توێژەر شێوازی شیکاری ناوەرۆکی بەکارهێناوە.

کۆمەڵ و سامپڵی توێژونەوەکە :کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەمی ئەو توێژینەونەی کە لەماوەی ١٤١٤-١٤٢٧ وەرگیراون کە ژمارەیان (٥٢) توێژینەوە بووە واتە توێژەر کۆگیریی بەکار هێناوە لە سامپڵی توێژینەوەکەیدا.

دەرئەنجام:

لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە :

٥٢ نامەی ماستەر و دکتۆرا لە بواری خوێندنی ئەلکترۆنی بە دەست هاتوون ،بە جۆرێک (٥٠)نامەی ماستەر و(٢) تێزی دکتۆرا بوون.

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەم بەشە بەداست هاتوون لە ماوەی ١٤١٤-١٤٢٧دا بووە.

بەشی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیاو فێربوون ، زۆرتر خوێندنی ئەلکرتۆنی لە نامەکانیاندا بەکارهێناوە.

زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکان لە ڕەگەزی نێر بوون.

میتۆدی ئەزموونی زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە لە توێژینەوەکاندا .

فۆڕمی ڕاپرسی و ئەزموون کردن بەربڵاوترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بوون.

هیچ کام لە توێژینەوەکان کاریان لەسەر پێوەرە جیهانیەکان نەکردووە .

**دووەم:** تویژینەوەی الحمدانی٢٠٠٩ (ريا قحطان الحمداني ، ٢٠٠٩): کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە جۆرەکانی توێژینەوەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە ساڵی ١٩٨٩-٢٠٠٧چی بوون؟ وە هەروەها ئەو میتۆدانە چی بوون کە لەلایەن توێژەرانی ئەو بەشوە بەکارهێنراون؟،ئایا لە توێژینەوەکاندا چەند ئامڕازی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بەکار هێنراون؟وە جۆری سامپڵ و کۆمەڵی توێژینەوەکان چی بوون؟وا ئایا ناوەڕۆکی توێژینوەوکان چی بووە؟ئەو دەزگایانە کوێ بوون کە لەم توێژینەوەیدا

وەرگیراون؟ وە چەند توێژینەوە لە بەشی پەیوەندیە گشتییەکان ئەنجامدراون؟

**ئامانجی توێژینەوەکە :لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە :**

زانینی جۆری توێژینەوەکان و ئەو میتۆدانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکار هێنراون .

دیاریکردنی رێگاو ئامرازەکانی توێژینەوەکان و وە دیاریکردنی جۆری سامپڵی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکاندا.

دیاریکردنی ناوەڕۆکی توێژینەوەکان .

دەستنیشانکردنی جۆری ئەو دامەزراوانەی کە لەم توێژینەوانەدا بە کارهێنراون .

**میتۆدی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە جۆری وەسفی میتۆدی رووپێوی بەکارهێناوە، لە جۆری شیکاری ناوەڕۆک.

کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە :لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەموو کۆمەڵی توێژینەوەکەی وەرگرتووە واتە کۆگیریی بۆ سەرجەم توێژینەوەکانی بەشی پەیوەندی وەرگرتووە کە لەو بەشەدا تاوتوێکراون .

**دەرئەنجامی توێژینەوەکە :** توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە:

هەموو توێژینەوەکان لە جۆری توێژینەوەی وەسفی بوون،هیچ توێژینەوەیەک لە جۆری استکشافی و ئەزموونی نەبوون.

زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر نێرەر کراون.

زۆربەی توێژینەوەکان زیاتر لە ئامرازێکیان بەکار هێناوە کە بریتین لە فۆڕمی راپرسی و تێبینی کردنی زانستی و چاوپێکەوتن.

زۆرینەی توێژینەوەکان سەرجەم ئەندامی کۆمەڵەکەیان وەک سامپڵ وەرگرتووە، واتە کۆگیریی .

لە توێژینەوەکاندا دەزگا حکومیەکان لە پلەی یەکەمی ئەو دەزگا یانەدا بوون کە لە تویژینەوەکاندا بەکار هێنراون.

ناوەڕۆکی سیاسی و ئابووری لە ریزبەندی یەکەم و دووەمی ناوەڕۆکی توێژینەوەکان بوون.

**خاڵی هاوبەش وجیاوازی ئەم توێژینەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

١-خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی( آل عثمان) بریتیە لەوەی هەردوو توێژینەوەکە لە لە جۆری وەسفین و فۆڕمی شیکاریان بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی نامە ی ماستەر و دکتۆراکان واتە هەردوو توێژینەوەکە شیکارپان کردووە بۆ ناوەڕۆکی نامەکان خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی (آل عثمان) بریتە لە جیاوازی لە بواری پسپۆریەکەیان کەیان،ئەم توێژینەوەیە شیکاری کردووە بۆ نامەی ماستەر تێزی دکتۆرای بەدەست هاتوولە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی صلاح الدین لە کاتێکدا توێژینەوەکەی (آل عثمان) شیکردنەوەی کردووە،بۆ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای کۆلێژی پەروەدە بە هەموو بەشەکانیەوە،لە ڕووی سامپڵەوە کار بە شێوازی کۆگیری کراوە لە هەردوو توێژینەوەکادا.

٢- خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی(الحمدانی) بریتیە لەوەی هەردوو توێژینەوەکە لە لە جۆری وەسفین،خاڵی جیاوازیان بریتە لە بواری پسپۆرییەکایان ئەم توێژینەوەیە لە پسپۆری راگەیاندایە،توێژینەوەکەی (الحمدانی)لە پسپۆری پەیوەندییەگشتیەکاندا بووە،لە ڕووی بەشە پراکتیکیەکەیانەوە هەردوو توێژینەوەکە کاریان لەسەر دروستکردنی فۆڕمی شیکار کردووە بۆ شیکارکردنی توێژینەوەکان و هەردوو توێأینەوەکە لە وەرگرتنی سامپڵدا کاریان بە شێوازی کۆگیری کردووە واتە سامپڵ یەکسان بووە بە کۆمەڵی توێژینەوەکە،تاکە خاڵی جیاوازی توێژینەوەکان برتیە لە ماوەی وەرگیراو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکان بە جۆرێک ئەو ماوەیەی ئەم توێژینەوەیە وەریگرتووە لە (٢٠٠٧-٢٠١٩) وە ئەو ماوەیەی کە تویژینەوەی(الحمدانی)وەریگرتووە بریتیە لە (١٩٨٩-٢٠٠٧).

**راستگۆیی:** توێژەر بە مەبەستی دەرهێنانی راستگۆیی بۆ فۆڕمی شیکارەکەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەکار هێناوە کە سادەترین جۆرەکانی ڕاستگۆییەو تیایدا بڕیار دەدرێت لەسەر ئامرازی پیوانە کردن و پشکنینی گونجاندنی گوزارشتەکانی لەگەڵ ناوەڕۆک، ڕاستگۆیی هەڵسەنگێنەرانە بریتە لەوەی کە توێژەر ژمارەیەک لە هەڵسەنگێنەران و پسپۆران هەڵبژێرێت لە بواری دیاردەکە یان کێشەی توێژینەوەکەی،داوایان لێدەکات ئەو برگانەی بۆ هەڵبسەنگێنن کە ئایا پەیوەستن بەو ڕەهەندەی کە پێوانەی دەکات یاخود پەیوەست نین (روان عبدالمجید ابراهیم،٢٠٠٠،ل ٧٥) .

**راستگۆیی فۆڕمی شیکاری:**.بۆیە توێژەر هەستا بە پێدانی فۆڕمی شیکارەکە بە (٧)پسپۆری بواری ڕاگەیاندن ** بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر شیاوی فۆڕمی شیکارەکە و ئەو گۆڕانکاریانەی پێشنیاریان کردبوو لەلایان توێژەرەوە بە هەند وەرگیرا ،وە رێژەی رێکەوتن لەسەر برگەکانی فۆڕمی شیکارەکە لای پسپۆڕآن (٪٩٠) بوو ئەمەش بە پێێ پێوەرە زانستییەکان رێژەیەکی بەرزە بۆ ڕاستگۆیی فۆڕمی شیکارەکەو گونجاوە بۆ بەکارهێنان

**جێگێری:** جێگیری لە توێژینەوەدا پێناسە دەکرێت بەوەی تواناو ئەگەری دووبارە بوونەوەو جێگیربوونی جیبەجێکردنی ئامرازی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانە و وە دەستهێنانی دەرئەنجامی جێگیرە لە هەموو جارێکدا (رحیم یونس العزاوی ،٢٠٠٨،ل١٤٩).

**جێگیری فۆڕمی شیکاریەکە** : توێژەر بە مەبەستی دەرهینانی جێگیری بۆ فۆڕمی شیکارەکە ،رێگای دووبارە شیکارکردنەوەی بۆ

(١٠٪) توێژینەوەکانی ماستەر و دکتۆرا ئەنجامدا پاش تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر شیکاری یەکەمدا،لە ئەنجامدا توێژەر بە ڕێژەی ٩٣٪ ڕادەی جێگیریەکەی بوو کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بۆ ڕادەی جێگیری .

**لایەنی تیۆری: توێژینەوەی زانستی و توێژینەوەی ڕاگەیاندن:** توێژینەوەی زانستی بریتیە لە هەوڵدان بۆ گەشتن بە کۆی هۆکاری دیاردەیەکی دیاریکراو، هەروەها هەوڵدانی ئاشکراکردن و چۆنیەتی ڕوودانیشیەتی و زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕانکارییەکانە بە ڕێگا و شێواز و هەنگاوی سنوردار بۆ گەشتن بە ئامانج. هەندێک توێژینەوەی زانستی وەها پێناسە دەکەن کە: بەدواداچوون و کنە و پشکنینی وردە بۆ بەدەرخستنی زانیاری یاخود پەیوەندی نوێ و گەشەکردنی زانیاری هەنووکەیی و لێکۆڵینەوە لێیان. توێژینەوەی زانستی بەم واتایە لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە ڕاستی و ماهیەتی شتەکان و پێکهاتن و ڕەهەندەکانیان، هەروەها هاوکاری تاک و دامەزراوەکانە بۆ زانینی پێکهاتە و ناوەڕۆکی دیاردەکان، کە گرنگی سەرەکی هەیە بەلایانەوە، هاوکات یارمەتیدەریانە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوریی و ئەو گرفتە ڕامیارییەش کە سوورن لەسەری، ئەمەش لەمیانەی بەکارهێنانی شێوازی زانستی و لۆژیکی (محمود حسن اسماعیل ،٢٠١١،ل٢١).

**توێژینەوەی ڕاگەیاندن :**

توێژینەوەی ڕاگەیاندن بەم بریتیە لە: وەدیهێنانی ڕێکخراو لە بابەت یاخود مەسەلەیەک یاخود دیاردەیەک یان کێشەیەکی ڕاگەیاندن، بۆ وەدەرخستنی ڕاستییەکان یان ئەو تیۆرانەی پەیوەستە بە لایەنی ڕاگەیەندنکارییەوە یان پەیوەندیکردن و پەرەپێدانیانەوە.

هەروەها پێناسەی چەمکی توێژینەوەی ڕاگەیاندنکاری لە ڕووی هاوتەریبی و گونجانی لەگەڵ تیۆرە زانستییەکان دەکرێت لە بواری ڕاگەیاندندا بەوەی کە پێویستییەکی گرنگی کۆمەڵایەتی یە، کە ئامانجی زیادکرنی زانستی یە بۆ ڕێکخستنی مەعریفەت و زانیاری و ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی و پێکەوەبەستنیان بە ئەو تیۆرانەی کە لەسەر پەیوەندی و زانیاری ڕادەی چالاکیان وەستاوە، بۆ وەدیهێنانی ئامانجانێک کە هاوکارە بۆ نەخشەساسی ڕامیارییەکان و، پۆلێنکردنی جەماوەر بۆ زانینی پاڵنەرەکانیان و پێویستیە کۆمەڵایەتی و کەسیەکان بۆ وەدیارخستنی دیاردە ڕاگەیاندکارییەکان بە پێی ئامانجەکانی، بەو پێیەی کە چوارچێوەی بابەتی پرۆسە ڕاگەیەندکارییەکان و پەیوەندییە وابەستەکانە بە هەوڵە ڕێکخراوە وردەکان و هەنگاوە میتۆدییەکان، کە ئامانجی هەیە ببێت بە پایە و بنەما بۆ دەرکردنی بڕیارەکان و نەخشەسازی هەوڵەکانی ڕاگەیاندن ( سعد سلمان المشهداني،٢٠١٧،ل٢٠). شایەنی باسە (هارلۆد لاسویل)ی توێژەر، توێژینەوەی ڕاگەیاندنکاری هاوچەرخ پۆلێن دەکات بۆ پێنج بوار ئەوانیش (عبدالكريم على الدبليسى، ٢٠١٧،ل٦٤):

بواری یەکەم: توێژینەوەی پەیوەست بە پەیوەندی و پاسەوانی دەروازە، یان کێ وتی؟

بواری دووەم: توێژینەوەی ناوەڕۆک یاخود پەیام، یان چی وتراوە؟

بواری سێهەم: توێژینەوەی هۆکار یاخود کەناڵ، یان چۆن وترا؟

بواری چوارەم: توێژینەوەی جەماوەر یان پێشوازیکەران، یان بۆ کێ وتراوە؟

بواری پێنجەم: توێژینەوەی کاریگەری یاخود بە چ کاریگەرییەک لەسەر تاک و کۆمەڵگە؟

دەکرێت تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی ڕاگەیاندنکاری لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینە وە :( سعد سلمان المشهداني،٢٠١٧،ل٢٠-٢٢)

توێژینەوەی زانستی پرۆسەیەکی ڕێکخراو و ئامانجدارە: توێژینەوەی زانستی بە پرۆسەیەکی ڕێکخراو هەڵدەستێت، کە بە پرسیارێک لە مێشک و هۆشی توێژەر دەستپێدەکات و لە شێوەی کێشەیەکی توێژینەوەدا دادەڕێژرێتەوە، کە سنور و داخوازییەکانی بەشێوەیەکی ورد ڕونکرابێتەوە، بەدوای ئەمەشدا کڵێشەی توێژینەوەکە دێت، کە بە هەنگاوە زانستییەکانی داهاتوو بۆ توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، توێژەریش میتۆد و ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکار و کەرەستەکانی دیاری دەکات، بە شێوەیەک لەسەر بنەمای تێگەشتی بابەتە زانستییەکە لە ڕووی میتۆدەوە و شێوازی زانستی داماڵراو بەدور لە لایەنگیریی، بونیاتنرا بێت.

ڕەسەنایەتی: توێژینەوەی ڕاگەیاندکاری بەوە جیادەکرێتەوە، کە هەوڵی گەشتنە بە بیرکردنەوە و بیرۆکەی زانستی نوێ، کە گرنگی زانستی هەبێت لە میانەی ئەو بابەتەی کە لێیدەکۆڵێتەوە، تاوەکو سەربەخۆ بێت لە بیرکردنەوەیدا و واقعیی وتازەبێت. توێژینەوەی ڕاگەیاندنکاری لە کاتی هەڵبژاردنی بابەتەکە و دیاریکردنی کێشەکە و ئەو شێوازەی کە توێژەر بەکاریدەهێنێت بۆ چارەسەری بابەتەکە، ڕەسەنایەتییەکەی دەردەکەوێت. هەروەها ڕەسەنایەتی دەکرێت بەدیار بکەوێت لە میانەی نمونە ناوخۆییەکان کە توێژەر بەکاری دەهێنێت و دەرەنجام وەسیەتەکان و ئەو چارەسەرانەی کە هەڵقوڵاوی ئەو ژینگەیەن کە توێژەر پێیدەگات و وەک چارەسەری کێشەکە پێشنیاری دەکات.

**داهێنان:** تایبەتمەندێتی داهێنان لە توێژینەوەی ڕاگەیاندنکاری لە ئەو توانا و بەهرانەدا خۆیدەبینێەوە، کە توێژەر هەیەتی و دەیخاتەڕوو و بەکاریدەهێنێت بۆ خزمەتکردنی بابەتی

توێژینەوەکەی، لە ڕێیەوە دەگات بە بیرۆکە داهێنانکارانەی تایبەت و جیاواز.

**سپاردەی زانستی**: توێژینەوەی زانستی داخوازی بێلایەنی تەواوەتی لە توێژەر دەکات، هیچ مافێکی نیە بۆ شێواندنی هەر زانیارییەک یاخود گۆڕینی یان ڕێگە بەخۆی بدات هەوڵی ئەوانی دی بدزێت و بیداتە پاڵ خۆی، سپاردەی زانستی لە کارە چاک و ڕەوشتە بەرزەکانی مرۆڤایەتییە کە دەبێت مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی و توێژەر بەتایەتی پێوەی پابەند بێت و ئەم ڕەوشتەی تێدا بێت، هەروەها لە داخوازییەکانی سپاردەی زانستی بریتیە لە پارێزگاریکردن لە مافی ئەوانی تر، بە ئاماژەدان بەو سەرچاوانەی کە توێژەر زانیارییەکانی لێوەدەرهێناون، هەروەها باسکردنی هەموو زانیارییەکان سەربارەت بە سەرچاوە بەکارهاتووەکان.

بابەتیبوون: تایبەتمەندی بابەتیبوون ڕەنگدەداتەوە لە کاتی گەشتن بە دەرەنجامەکان یاخود دەرکردنی بڕیارەکان، لە تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی زانستی بریتییە لە بابەتیبوون، دەبێت توێژەر لایەنگری بۆچوونی تایبەتی خۆی نەکات یاخو بۆچوونە تایبەتییەکانی؛ بەڵکو دەبێت پشت بە بیرۆکە پشتڕاستکراو بە بەڵگە ببەستێت، هەروەها بابەتیبوون بریتیە لەوەی کە ڕێگە نەدرێت توێژەر لە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی بابەتەکە، هەست و سۆزی باڵبکێشێت بەسەر بۆچوون و بیرکردنەوەو لێکدانەوە و بیانووەکانیدا، بەڵکو دەبێت هەموو هۆش و خەمی بریتی بێت لە پشکنینی ڕاستییەکان و گەڕان بەشوێنیدا، هەرچەندە توێژەر دوور بکەوێتەوە لە بڕیارە خودیی و کەسییەکان ئازاد دەبێت لە لایەنگیری و ڕێژەی بابەتیبوونی زیاد دەکات، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕاستییە زانستییەکان سەربەخۆن لە ئارەزووی کەس و خودی توێژەر، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر توێژەر کاریگەرییەکانی سەر بابەتیبوونی توێژینەوەی زانستی بزانێت بۆ ئەوەی خۆی بەدوور بگرێت لێیان.

وردی: بەو پێیەی توێژینەوەی ڕاگەیاندنکاری پرۆسەیەکی وردە، ئەوا داخوازی سوربوونی تەواوەتی دەکات لە توێژەر و، دڵنیابوون لەوەی کە ئەو زانیارییانەی کە پشتی پێدەبەستێت لە لێکۆڵینەوەکەیدا زانیاریی ورد بن، هەروەها هەوڵی دڵنیابوونەوە جەختکردنەوە لە وردی زانیارییەکان بدات، لەگەڵا ئەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی لە زیادبوونی پلەی دڵنیابوونە لە هەندێک زانیاری و دەرەنجامی کۆن، پێکدێن. بەم شێوەیە توێژەر هەندێک جار ناچار دەبێت بۆ دووبارەکردنەوەی لێکۆڵینەوە کە بۆ دڵنیابوون لە ورد و درشتییەکەی، بە تایبەت گەشتن بە هەندێک چارەسەر بۆ هەندێک کێشە دەکرێت سەرەتای دەرکەوتنی چەندین کێشەی نوێ بێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گرنگی ئەنجامدانی هەندێک کێشەی تر بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستێتی ئەو دەرەنجامانە یاخود بۆ دارشتنەوەی کێشەی توێژینەوەی تر و گەشتن بە دژەکەی.

پشتبەستن بە بەڵگە لەبری سەرچاوەی باوەڕپێکراو: زیادکردنی زانیاریی نوێ بۆ مەعریفە و بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی کارێکی ئاسان نیە. دەبێت توێژنەوەی زانستی پشت بە بەڵگە ببەستێت و لە بەرامبەریشدا ڕەتکردنەوەی پشتبەستن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو هەرچەندێک پشتڕاستکرابێتەوە، لەبەرئەوە دەرەنجامەکان کاتێک ڕاست دەبن کەبە بەڵگەی تەواوەتی پشتڕاستکرابنەوە

## گرنگی توێژینەوە ی ڕاگەیاندن

گرنگی توێژینەوە ڕاگەیاندنکارییەکان لەسەر ئەو دەستکەوتە ڕۆشنبیرییانەی لە ئاستی زانستی و ئەو ئامانجەی کە کاری بۆدەکەن لە پەرەپێدان یاخود ڕێکخستن یان کۆکردنەوەی کە هەیانە، بەدیاردەکەون، ئەمە جگە لە پەردەلەسەرلادانی پەیوەندییەکان و سیفەت و تایبەتمەندیی و بارودۆخ و لێکچوون و ڕەخنەگرتن یاخود گەڕان بە شوێن پاڵنەرو پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش. شایەنی باسە بەهای زانستی توێژینەوەی ڕاگەیاندن لە گرنگی ئەو بابەتانەی کە دەیکاتە ئامانج دەستپێدەکات، کە دەستلەملانی پەیوەندییەکی بەهێز دەبێت لەگەڵ زانستەکان کە زانستی ڕاگەیاندنی پێیەوە وابەستەیە وەک -زانستی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دەروونی- ئەو کارەی لە چەندەها لایەنی کۆمەڵایەتی جۆربەجۆرەوە وێنەی نزیکبوونەوەی سوودبەخش بە کۆمەڵگا دەبەخشێ و لە بارودۆخی هاوشێوەی گرنگی ئەو توێژینەوانەدا خۆی دەبینێتەوە، کە نزیکن لە توێژینەوە دەروونی و پەروەردەییەکانەوە. (وجیە محجوب ،١٩٩٢،ل٢٢)

لەسەر ئاستی ڕەگەزی پەیوەندییەکان و ژینگەی دەوروبەر بەگشتیش، دەکرێت ئەو گرنگییە بەم شێوەیە ڕوون بکەینەوە (یوسف عبدالامیر طباجة ، ٢٠٠٧،ل١٧٦).

گرنگییان بۆ ڕەگەزی نێرەر (مرسل): خۆیدەبینێتەوە لە بەرجەستەکردنی بارودۆخی دامەزراوەکە و ئەوانەی کاری تێدا دەکەن و بەهرەو شارەزاییان و بارودۆخی کارەکەیان، وەک بەربەستەکان و پەستانەکان و دیاریکردنی کاریگەرییان لەسەر کرێکارەکان.

گرنگییان بۆ ڕەگەزی پەیامەکە: ئارەزووی زانینی پێکهاتە زمانەوانییەکەی دەکات بۆ پەیامە پەیوەندییەکان و بابەتیبوونیان و توانایان لە وەدیهێنانی ئامانجی نێرەر، چوارچێوە و پێکهاتەکەی هەڵدەسەنگێنێت، بە تایبەت لە کاتی هەڵمەتی هەنوکەیی و هەڵبژاردن و، گەڕان دەربارەی ئەو چۆنیەتیەی کە دەکرێت شوێنپێکەون تاوەکو زیاتر چالاک بێت.

گرنگییان بۆ ڕەگەزی هۆکار: ئەمەش چەند توێژینەوەیەکە، کە وێنەیەک لە بارودۆخی دامەزراوە ڕاگەیاندنکارییەکە دەخاتە ڕوو لە ڕووی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و مرۆییەوە، وەک لادان لە جێبەجێکردنی سیاسەت و نەخشەسازی و بازاڕکردن یاخود ئەرکراپەڕاندن.

گرنگییدان بە ڕەگەزی داهاتوو: زانینی کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەسەر ئاڕاستەکانی جەماوەر، وەک وێنەی هۆشمەندی کە لە بەرامبەر مەسەلەیەکدا و ڕێگاکانی پێکداداان و شێوازەکانی و، تێرکردن و پێداویستیە وەدیهاتووەکانی، پێکدێت.

گرنگییدان بە ڕەگەزی ئەو زمانە بەکاردەهێنرێت: ئەمەش خۆیدەبینێتەوە لە شیکردنەوە دەقەکان و زاراوە دەستکاریکراوەکان و پێکداهەڵچووەکان کە کاریگەری دەخاتە سەر بونیادی ڕاڤەکانی پەیامەکە و، زانینی ئاڕاستەکانی و تایبەتمەندییەکانی و گونجان و هاوتەرییان لەگەڵ سیاسەتی نێرەر و ئەوەی لەخۆیدەگرێت لە زاراوەی قایلکەرو ئارەزوو و مەیلی سۆزداری و ژیری.

ئامانجەکانی توێژینەوە ڕاگەیاندنکارییەکان:

دەکرێت ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە ڕاگەیاندنکارییەکان دیاریبکرێت لە میانەی ئەو دیاریکردنەی کە توێژەری ئەمریکی (ولبەر شرام) پێشکەشیکرد دەربارەی بەرپرسیاریەتی  زانایانی پەیوەندی لە هەستپێکردنی و تێگەشتنی پەیوەندی تایبەتی و خودی دەڵێت: بەرپرسیاریەتی زانایانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی لەمانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە ( مروان عبدالمجید ابراهیم ،٢٠٠٠،ل٧٤)

لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە جەماوەر.

زانینی ڕێکخستنی دامەزراوەکانی پەیوەندی و شێوازەکانی هەژمونی کۆمەڵایەتی  بەسەریاندا و ناوەندەکانی دامەزراوەکە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی گشتی ئەرک و جاماوەر و بەرپرسیاریەتیی و ڕێگاکانی پێوانەکردنی ئەو بەرپرسیاریەتیانە.

لێکۆڵینەوەی سروشتی کاریگەر و ڕێگایەک بۆ وەدیهێنانی چوست وچالاکی پەیوەندی.

هەڵبژاردنی هۆکاری گونجاو و سروشتی هەر هۆکارێک و جۆری جەماوەری داهاتووی و کێشەی گواستنەوەی واتاکان.

لێرەوە  دەکرێت گرنگترین ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە ڕاگەیاندنکارییەکان بەم خاڵانە خوارەوە دیاریبکەین : (محمد عبدالحمید: ،2015،ل ٥٨).

پەسن (الوصف): توێژینەوە ڕاگەیاندنکارییەکان ئامانجیانە کە پەسنی بزوتنەوەی دیاردە ڕاگەیاندنکارییەکان و پەیوەندییەکانیان و ئاڕاستەکانیان و هۆکارە جوڵێنەرەکانیان و پاڵنەرەکانیان دەرهەق بە ڕەگەزەکانیان ئەنجامبدن، هەروەها پەیوەندی ئەم ڕەگەزانەش بە هەندێکی ترەوە و کاریگەرییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوانیان لە چوارچێوەی ناوەندی کۆمەڵایەتی گشتدا ڕێکبخرێت. هەندێک توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ڕاگەیاندنکارییەکان هەوڵی وەدیهێنانی ئامانجی پەسنی دەدەن کە خۆیدەنوێنێت لە پەردەلەسەرلادانی حەقیقەتێکی دیاریکراو یاخود پەسنی واقعێکی دیاریکراو، چونکە توێژەر هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی توێژینەوە ڕاگەیاندنکارییەکان، کە لە میانەیدا دەتوانێت ڕاڤەی هەندێک دیاردە بکات و هەندێک گریمانە بکات. توێژینەوە ڕاگەیاندنکارییدا لێکۆڵینەوەی وەسفی بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی وەسفی داماڵراو موجەرەد لە بەراوردکاری بۆ تاک و کۆمەڵەکان و ئاڕاستەکان، هەروەها پاڵنەرەکان و پێداویستیەکان و بەکارهێنانەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و جیاوازیکردن و گرنگیپێدان، هاوکات وەسفی سیستم و دامەزراوە ڕاگەیاندنکارییەکان و ڕوداواوەکان بکات و  پاشان هەڵبسێت بە پەسنی ڕێکخستن لە نێوان ئەم سەرچاوانەدا و هەندێکیشیان لە چوارچێوەی پەیوەندی گریمانەیی، کە دەکرێت هەرەیەکەیان هەڵبسەنگێنرێن.

پێشبینیکردن: توێژینەوەی زانستی جەخت لە بوارە ڕاگەیاندنکارییەکان دەکاتەوە بەمەبەستی پێشبینکردن لە دانانی بۆچوون و گریمانەی ئەوەی، کە دەکرێت ڕووبدات لەداهاتوودا بۆ هەندێ دیاردە لەڕووی ئەگەری بەرەوپێشچوونی، هەروەها پێشبینیکردنی جوڵەیەکی دیاردە ڕاگەیاندنکارییەکە و پەیوەندییان بە بونی پەیوەندی و کاریگەری و هۆکارە پاڵنەرەکان یاخود جوڵێنەرەکانیان. هەروەها جەختەدەکاتەوە لەسەر بارودۆخی هەندێک دیاردە گەر دەربکەوێت لە هەندێک بارودۆخی تایبەت و جیاوازدا.

ڕاڤەکردن:  توێژەر ڕاگەیاندنکار، کە ئامانجی پێشکەشکردنی ڕاڤەی دیاردە ڕاگەیاندنکارییە دیاریکراوەکانە، کاردەکات لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن و بۆچی ئەم دیاردەیە ڕوو دەدات؟ زۆر قورسە لە پێشەکی ئەم ڕاڤەدا، ڕاڤەی دیاردە ڕاگەیاندنکارییەکە بکرێت، بە شێوازێکی تایبەتی کاریگەری کەسێتی و خودیی توێژەر لە ڕاڤەکردن و ئاڕاستەکانیدا بکرێت. ئەمەش ئاماژە دەکات بۆ فرەیی ڕاڤە تایبەتەکان بە یەک دیاردەی ڕاگەیاندنکاریەوە و فرەیی توێژەران و ئاڕاستەکانیان، بەمەش کۆنرۆڵکردنی چەندێتی ورد لە لێکۆڵینەوەی دیاردەکەدا قورس دەبێت.

هەڵسەنگاندن: هەندێک لە توێژینەوە زانستییەکان ئامانجی هەڵبسەنگاندنی دیاردەکەیە، هەروەها ئەوە بزانن کە ئایا ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە دێتە دی و تا چ ئاستێک ئامانجی بەرنامەکانی دێتە دی، هەروەک لە ڕێگەی ئەم ئامانجەی توێژینەوەی زانستییەوە دەرئەنجامە بێ مەبەستەکان،

دەزانرێت، ئیدی پەسەند بێت یان ناپەسەند (سامی طايع ،٢٠٠١،ص٥٢)

بەتاڵکردنەوە: زۆرێک لە توێژینەوە زانستییەکان ناتوانێت سوور بێت لەسەر پەسەندکرنی گریمانەیەکی دیاریکراو، بەڵام ئەوە دەکرێت هەوڵی بەتاڵکردنەوە بدات یاخود پەرچدانەوەی گریمانەیەکی تری بکاتەوە.

چەسپاویی: هەندێک لە توێژینەوە ڕاگەیاندنکارییەکان کە ئامانجی دڵنیاییە لەوەی کە توێژەر هەڵبسێت بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ چەسپاندنی ڕاستی بابەتێک، کە پێشووتر لەلایەن توێژەرێکی ترەوە لێکۆڵراوەتەوە، بەڵام سامپڵ و ژینگەیەکی خراپی هەڵبژاردووە. توێژینەوەی زانستی، کە ئامانجی چەسپاوییە، هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی هەمان بابەت، بەڵام دەبێت لە دامەزراوەیەکی جیاوازدا بکرێت و بەراوردبکرێت لە نێوان ئەو و دامەزراوەکانی تردا. زۆرجار ئەو توێژینەوانە تەواودەکرێ کە ئامانجی پشتڕاستکردنەوەی دەرەنجامەکانی توێژینەوەیەکە لە پێشووتردا، ئەمەش لە ژێر سایەی جیاوازی سامپڵ و ژینگەدا، کە ئەمەش لەخۆیدا چەشنی دەرئەنجامێکی سروشتی گریمانەی پێشوو بەهێزتر و توندوتۆڵتر دەکات، بۆ ئەوەی بەڵگەی دیکە بخاتەڕوو لەوەی کە پێی گەشتووە (سمير محمد حسين : ١٩٧٦،.ص١٤٥).

## بەشی سێیەم :لایەنی کرداری

١- سەبارەت بە جۆری نامەو تێزەکانی کە وە ک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوان کە ژمارەیان (62) توێژینەوە بووە،دەردەکەوێت کە (49)نامەی ماستەر بە ڕێژەی (٧٩.٠٣)لە پلەی یەکەمدایە لە چاو تێزی دکتۆراکان، کە ژمارەیان (13)یە بە ڕێژەی(٢٠.٩٦)ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەشی ڕاگەیاندن بۆ خۆی بەشێکی نوێیە بۆ سەرپەرشتیکردنی تێزی دکتۆرا پێویستی بە هەڵگرانی خاوەن پلەی زانستی وەک پرۆفیسۆر و یاردەدەری پرۆفیسۆر دەبێت بۆیە شتێکی ئاساییە کە ژمارەی نامەی ماستەی بەبەراوورد بە تێزی دکتۆرا زیاتر بێت هەروەک لە خشتەی(1)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (1) جۆری نامە و تێزەکان

| ژمارە | جۆری نامە و تێز | چەندبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ماستەر | ٤٩ | ٧٩.٠٣ | ١ |
| 2 | دکتۆرا | ١٣ | ٢٠.٩٦ | ٢ |
| | کۆی گشتی | 62 | ١٠٠ | - |

٢-توخمی توێژەران:

سەبارەت بە توخمی ئەو توێژەرانەی کە توێژینەوەکانیان لە بەشی ڕاگەیاندن ئەنجام داوە ئەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی توخمی نێر بە ڕێژەی (٦٧.٧٤) بەرزترە و لە پلەی یەکەمدایە لە چاو توخمی مێ وەک لە خشتەی (2)دا دەبینرێت.

خشتەی (2)

توخمی توێژەران

| ژمارە | توخم | چەندبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نێر | ٤٢ | ٦٧.٧٤ | ١ |
| 2 | مێ | ٢٠ | ٣٢.٢٥ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٦٢ | ١٠٠ | - |

٣-پسپۆڕی توێژەران:

لە بارەی پسپۆڕی ئەو توێژینەوانەی کە وەک سامپڵی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون لە بەشی ڕاگەیاندن بەو ئەنجامە گەیشتووین کە هەردوو پسپۆڕی (ڕۆژنامە ، تەلەفزیۆن) بە ڕێژەیەکی یەکسانن بە ڕێژەی (42.62) وە هەرچی پسپۆڕی پەیوەندی گشتیە لە پلەی دووەمدایە و بە ڕێژەی (14.75)هۆکاری کەمی ڕێژەی پسپۆڕی بەشی پەیوەندی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ درەنگ کردنەوەی بەشی پەیوەندی گشتی لەسەر هەردوو ئاستی خوێندنی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا.

خشتەی (3)

پسۆڕی توێژەران-توێژینەوەکان

| ژمارە | پسپۆڕی | چەندبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕۆژنامە | ٢٦ | ٤٢.٦٢ | ١.٥ |
| 2 | تەلەفزیۆن | ٢٦ | ٤٢.٦٢ | ١.٥ |
| 3 | پەیوەندی گشتی | ٩ | ١٤.٧٥ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٦١ ❊❊❊ | ١٠٠ | - |

٤- ساڵی ئەنجامدان:

لەبارەی ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکانەوە توێژەی بەو ئەنجامە گەیشتووە کە لە ماوەی ساڵانی (٢٠١١-٢٠١٤)دا زۆرترین ڕێژەی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لەبەشی ڕاگەیاندن ئەنجامدراوون، بە ڕێژەی (٤٦.٧٧)،ئەوەش بە بڕوای توێژەر پەیوەستە بەو پلانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەبووە و وەهەروەها توانای بەشەکەش لە دابینکردنی مامۆستای سەرپەرشتیار بۆ خوێندکارەکان،هەروەک لە خشتەی(4)ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (4)

ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکان

| ژمارە | ساڵی ئەنجامدان | چەندبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ٢٠٠٧-٢٠١٠ | ٨١ | ٢٩.٠٣ | ٢ |
| 2 | ٢٠١١-٢٠١٤ | ٢٩ | ٤٦.٧٧ | ١ |
| 3 | ٢٠١٥-٢٠١٨ | ١٥ | ٢٤.١٩ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٦٢ | ١٠٠ | - |

٥-ناونیشانی توێژینەوەکان:

سەبارەت بە ناونیشانی ئەو توێژینەوانەی کە توێژەر شیکاری بۆکردوون ئەوە بەدەردەکەوێت لە ڕووی دارشتنەوە زۆرینەی ناونیشانەکان لە ناونیشانی سەرەکی ولاوەکی پێک دێن بە ڕێژەی (٧٤.١٩)،وەڕێژەیەکی کەمیان تەنها ناونیشانی سەرەکی

تیدایە،ئەوش خاڵێکی ئەرێنیە بۆ توێژینەوەکان چونکە داڕشتنی ناونیشانەکە کاریگەری دەبێت لە دیاریکردنی چۆنیەتی کارکردنی توێژەر لەماوەی کارکردنی توێژینەوەکەی لەڕووی (دیارکردنی چوارچێوەی توێژینەوەکەی) وەک لە خشتەی (٥)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٥) شێوازی داڕشتنی ناونیشانی توێژینەوەکە

| ژمارە | شێوازی داڕشتنی ناونیشان | چەندبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ناونیشانی سەرەکی | ١٦ | ٢٥.٨٠ | ٢ |
| 2 | ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی | ٤٦ | ٧٤.١٩ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٦٢ | ١٠٠ | - |

٦-ڕەهەندەکانی ناونیشانەکان:

لەبارەی ڕەهەندەکانی ناونیشانی توێژینەوەکانەوە، توێژەر لەو توێژینەوەانەی کەوەک سامپڵی توێژینەوەکەی وەریگرتوون گەیشتوە بەوەی کە زۆربەی توێژینەوەکان ڕەهەندی (بابەت و شوێن)یان تێدا بووە بە ڕێژەی (66.12)،وە دوای ئەوەش ڕەهەندی (بابەت و شوێن و کات)لەپلەی دووەمدایە بەڕێژەی(32.25)،وەک لە خشتەی(٦)دەردەکەوێت.

خشتەی (٦) دیاریکردنی ڕەهەندەکانی ناونیشان

| ژمارە | ڕەهەندی ناونیشانەکان | چەندبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بابەت بەتەنها | 1 | ١.٦١ | ٣ |
| 2 | بابەت و شوێن | 41 | ٦٦.١٢ | ١ |
| 3 | بابەت و شوێن و کات | ٢٠ | ٣٢.٢٥ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٦2 | ١٠٠ | - |
| | | | | |

٧- شێوازی دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکان:

سەبارەت بە شێوازی دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکان ئەوا زۆربەی توێژینەوەکان (گواستنەوە لە تایبەتەوە بۆ گشتی) بە ڕێژەی (٧٢.٥٨) یان پەیڕەو کردووە،لە بەرامبەریشدا ڕێژەی(٢٧.٤١) شێوازی (گواستنەوە لە گشتیەوە بۆ تایبەت)یان پەیڕەو کردووە وەک لە خشتەی (٧)دا دەردەکەوێت.

خشتەی (٧) شێوازی دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکان

| ژمارە | شێوازی دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکان | چەندبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گواستنەوە لە گشتیەوە بۆ تایبەت | ١٧ | ٢٧.٤١ | ٢ |
| 2 | گواستنەوە لە تایبەتەوە بۆ گشتی | ٤٥ | ٧٢.٥٨ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٦٢ | ١٠٠ | - |

٨-جۆری توێژینەوەکان:

لە بارەی جۆری توێژینەوەکانەوە بە پێی مەبەست لە ئەنجامدانیان ئەوە دەردەکەوێت لە و توێژینەوانەی کە سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بوون کە (توێژینەوەی چارەسەرکردن، توێژینەوەی هونەرەکانی رۆژنامەوانی)و (توێژینەوەی ڕۆڵ) لەپلەی یەکەم دووەم و سێیەمدان بە ڕێژەکانی (٤٣.٥٤)و(٢٤.١٩) و(١٩.٣٥)،هەرچی جۆرەکانی تریشە بە ڕێژەی جودا هەبوون، ئەوەش پێویستی بەشە کەبووە بە هەریەک لەو جۆرانە بۆ پڕکردنەوەی پسپۆڕی بەشەکە لە بوارە جیاوازەکاندا، وەک لە خشتەی (٨) دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٨) جۆری توێژینەوەکان بە پێی مەبەست

| ژمارە | جۆری توێژینەوەکە | چەندبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | توێژینەوەی کاریگەری | ٣ | ٤.٨٣ | ٤ |
| 2 | توێژینەوەی ڕۆڵ | ١٢ | ١٩.٣٥ | ٣ |
| 3 | توێژینەوەی ئاڕاستەکان | ١ | ١.٦١ | ٦.٥ |
| 4 | توێژینەوەی هەڵوێستەکان | ١ | ١.٦١ | ٦.٥ |
| 5 | توێژینەوەی جۆرەکانی پەیوەنیکردن و ئەرکەکانی | ٢ | ٣.٢٢ | ٥ |
| 6 | توێژینەوەی هونەرەکانی رۆژنامەوانی | ١٥ | ٢٤.١٩ | ٢ |
| 7 | توێژینەوەی بەگەڕخستن | ١ | ١.٦١ | ٦.٥ |
| 8 | توێژینەوەی چارەسەرکردن | ٢٧ | ٤٣.٥٤ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٦٢ | ١٠٠ | - |

٩-جۆری توێژینەوەکان بە پێی ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن:

لەبارەی جۆری توێژینەوەکان بە پێی ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن،لەو توێژینەوانەی کە توێژەر شیکاری بۆ کردوون دەردەکەوێت کە هەندێک لە توێژینەوەکان کاریان لەسەر زیاتر لە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن کردووە،وە ر(ەگەزی پەیام ،توێژینەوەی جەماوەر)لە پلەی یەکەم و دووەمی کارلەسەرکردندا بوون بە ڕێژەکانی(٣٧.١٤)،(٣٠)،وەک لە خشتەی (٩)دەرکەوتووە.

خشتەی (٩) جۆری توێژینەوەکان بە پێی ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن

| ژمارە | جۆری توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەزی پەیوەندیکردن | چەندبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | توێژینەوەی نێرەر | ١٣ | ١٨.٥٧ | ٣ |
| 2 | توێژینەوەی پەیام | ٢٦ | ٣٧.١٤ | ١ |
| 3 | توێژینەوەی ئامراز | ١٠ | ١٤.٢٨ | ٤ |
| 4 | توێژینەوەی جەماوەر | ٢١ | ٣٠ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٧٠ | ١٠٠ | - |

١٠- دیاریکردنی تیۆری ئاڕاستەکراو لە توێژینەوەکاندا:

لەبارەی دیاریکردنی تیۆری ئاڕاستەکراو لە توێژینەوەکاندا،توێژەر لە ئەنجامی شیکارکردنی ئەو توێژینەوانەی وەک سامپڵ لەبەردەستیدا بوون،دەرکەوتووە لە ژمارەیەکی زۆری توێژینەوەکاندا (پشت نەبەستراوە بە تیۆرێک بۆ ئاڕاستەکردنی توێژینەوەکە)،بە ڕێژەی ( ٧٢.٥٨)،وە لە هەندێک لە توێژینەوەکاندا(پشت بەستراوە بەتیۆرێک بۆ ئاڕاستەکردنی توێژینەوەکە) بە ڕێژەی(٢٧.٤١).وەک لە خشتەی (١٠) دەبیرنرێت.

خشتەی (١٠) دیاریکردنی تیۆری ئاڕاستەکراو لە توێژینەوەکاندا

| ژ | دیاریکردنی تیۆری ئاڕاستەکراو | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1- | پشت نەبەستراوە بە تیۆرێک بۆ ئاڕاستەکردنی توێژینەوەکە | ٤٥ | ٧٢.٥٨ | ١ |
| 2- | پشت بەستراوە بەتیۆرێک بۆ ئاڕاستەکردنی توێژینەوەکە | ١٧ | ٢٧.٤١ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٦٢ | ١٠٠ | - |

١١-ئامڕازی بەکارهێنراو و بۆ کۆکردنەوەی داتا وزانیاریی:

ئەوەی پەیوەستە بە جۆری ئامرازی بەکارهاتوو بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان لە و سامپڵەی لەبەردەستی توێژەردا بووە دەرکەوتووەکە (فۆڕمی ڕاپرسی) و(شیکردنەوەی ناوەڕۆک) بە ڕێژەکانی(٤٧.٠٥)،( ٣٧.٦٤) لە پەکانی یەکەم و دووەمدا بوون،هەرچی جۆرەکانی تریشە بە ڕێژە و ژمارەی جیاواز بەکار هێنراون وەک (پێوەر )و (چاوپێکەوتن) و (تێبینی زانستی)،بەڵام وەک توێژەر تێبینی کردووە ڕێژەی بەکارهێنانیان زۆر کەم بووە و وەک پێویست نەبووە وەک لە خشتەی (١١)دا دەبینرێت.

خشتەی (١١) ئامرازی بەکارهاتوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان

| ژمارە | ئامرازی بەکارهاتوو بۆکۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان | چەندبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| -١ | فۆڕمی ڕاپرسی | ٠4 | ٤٧.٠٥ | ١ |
| -٢ | فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک | ٢٣ | ٣٧.٦٤ | ٢ |
| -٣ | پێوەر<br>ئامادەکراو پێشتر (جاهز)،دروستکراو (متبکر) | ٦ | ٧.٠٥ | ٣ |
| -٤ | چاوپێکەوتن | ٤ | ٤.٧٠ | ٤ |
| | أ-لە ڕووی ئامانج (یاریکردنەیی ،چارەسەر کردەیی،ڕوپێوی( | - | - | - |
| | ب-لە ڕوویی جێبەجێکردن بە پێیرەو بێپەیرەو ،یاسابەند و نایاسا بەند | - | - | - |
| | ج-لە ڕووی ژمارە ی هاوبەشکاران بە تاک ،بە کۆمەڵ | ٤ | ٤.٧٠ | - |
| -٥ | تێبینی زانستی | ٣ | ٣.٥٢ | ٥ |
| | أ-لە ڕووی ووردی ،تێبینی تەکنیکی ،تێبینی وەسفی | - | - | - |
| | ب-لە ڕووی ڕۆڵی توێژەر (تێبینی کەری تەواو ،تێبینیکەری هاوبەش | ٣ | ٣.٥٢ | - |
| -٦ | ئەزموونی زانستی<br>)ئەزموونی دروستکراوەیی،ئەزموونی تاقیگەیی( | - | - | - |
| | کۆی گشتی | ❊❊❊❊❊(٨٣) | ١٠٠ | - |

## بەشی چوارەم: (دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار )

### دەرئەنجام:

1. سەبارەت بە جۆری نامەو تێزەکانی کە وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوان ،دەردەکەتووە کە نامەی ماستەر زۆرتر بووە لە چاو تێزی دکتۆراکان
2. زۆربەی توێژەرانی زانکۆی سلێمانی لە ڕەگەزی نێر بوون.
3. پسپۆری ڕۆژنامەو تەلەفزێۆن یەکسان و زۆرینە بوون لە چاو پسپۆری پەیوەندی گشتی.
4. لەبارەی ساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکانەوە ماوەی ساڵانی (٢٠١١-٢٠١٤)دا زۆرترین ژمارەی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لەبەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی ئەنجامدراوون.
5. سەبارەت بە ناونیشانی ئەو توێژینەوانەی کە توێژەر شیکاری بۆکردوون ئەوە دەرکەوتووە لە ڕووی دارشتنەوە زۆرینەی ناونیشانەکان لە ناونیشانی سەرەکی ولاوەکی پێک دێن .
6. لەبارەی ڕەهەندەکانی ناونیشانی توێژینەوەکانەوە، توێژەر لەو توێژینەوەانەی کەوەک سامپڵی توێژینەوەکەی وەریگرتوون گەیشتوە بەوەی کە زۆربەی توێژینەوەکان ڕەهەندی (بابەت و شوێن)یان تێدا بووە .
7. لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکاندا زۆرینەی توێژینەوەکان، شێوازی(گواستنەوە لە تایبەتەوە بۆ گشتی) یان پەیرەو کردووە .
8. لە بارەی جۆری توێژینەوەکانەوە بە پێی مەبەست لە ئەنجامدانیان ئەوە دەرکەوتووە کە (توێژینەوەی چارەسەرکردن، توێژینەوەی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی و توێژینەوەی ڕۆڵ ) زۆرترلە لایەن توێژەرانەوە بەکار هێنراون.
9. لەبارەی جۆری توێژینەوەکان بە پێی ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن، دەردەکەوتووە ، ڕەگەزی پەیام ،توێژینەوەی جەماوەرزۆرترین کاریان لەسەر کراوە.
10. لەبارەی دیاریکردنی تیۆری ئاراستەکراو لە توێژینەوەکاندا، دەرکەوتووە لە ژمارەیەکی زۆری توێژینەوەکاندا (پشت نەبەستراوە بە تیۆرێک بۆ ئاراستەکردنی توێژینەوەکە).
11. فۆڕمی ڕاپرسی باوترین ئامرازی بەکارهێنراو بووە لە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆراکانی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی .

### پێشنیار:

-1 گرنگیدانی زیاتر بە سەرجەم ڕەهەندەکانی ناونیشانی توێژینەوەکانەوەکان لە کاتی دیاریکردنی ناونیشاندا وەک ڕەهەندەکانی بەبەت و شوێن و کات و ڕەهەندی بابەت و شوێن. .

-2 لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکاندا گرنگی زیاتر بدرێت بە شێوازی گواستنەوە لە گشتییەوە بۆ تایبەت هاوشێوەی ، شێوازی(گواستنەوە لە تایبەتەوە بۆ گشتی)

-3 لە بارەی جۆری توێژینەوەکانەوە بە پێی مەبەست لە ئەنجامدانیان گرنگی بدرێت بە سەرجەم جۆرەکانی توێژینەوە

-4 لەبارەی جۆری توێژینەوەکان بە پێی ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن، گرنگی بدرێت بە سەرجەم ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە لەیەن توێژەرانەوە.

-5 پشت بەستن بە تێۆرەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکانی ماستەر و دکتۆرادا.

-6 بە کارهێنانی ئامرازەکانی تری کۆکردنەوەی زانیاری لە لەیەن توێژەرانەوە وەک فۆڕمی شیکار و چاوپێکەوتن و پێوەر .

### ڕاسپاردە :

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە بواری ڕاگەیاندن بە تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەکانی پلە بەرزکردنەوە.

2. ئەنجامدانی توێژینەوە لە لایەن خوێندکارانی خوێندنی باڵا بۆ ئەو توێژینەوانەی لە دەرەوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانەوە لە بواری ڕاگەیاندن بە دەست هاتوون.

**سەرچاوەکان :**

١- جەمال عبدول :فەرهەنگی ڕاگەیاندن ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،چاپی یەکەم،٢٠٠٤.

٢- غازی عناية : ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی ،وەرگێڕانی :بەهرە محمد عەلی ،چاپی چوارەم ،کۆمەڵەی ئارا بۆ توێژینەوەی زانستی ،٢٠٠٦.

- ٣رحيم يونس العزاوی: مقدمة فی منهج البحث العلمی ،عمان دار الجيل للنشر و التوزيع ،٢٠٠٨.

- ٤روان عبدالمجيد ابراهيم : اسس البحث العلمی لاعداد الرسائل الجامعية ،عمان مؤسسـ الوراق ،٢٠٠٠.

- ٥سامی طايع : بحوث الاعلام (القاهرة ،دار النهظة العربية ،٢٠٠١.

- ٦سعد سلمان المشهداني:مناهج البحث الاعلامي،دولة الامارات العربية المتحدة-الجمهورية اللبنانية،دار الكتاب الجامي،2017.

- ٧سمير محمد حسين : بحوث الاعلام ،الاسس و المبادئ (القاهرة ،دار الشعب ،١٩٧٦.

- ٨عبدالكريم علی الدبليسی :دراسات اعلامية فی تحليل المضمون (عمان ،دار الميسرة للنشر و التوزيع و الطباعة،٢٠١٧.

- ٩محمد عبدالحميد:البحث العلمي في الدراسات الاعلامية،ط5،القاهرة،عالم الكتب،2015

- ١٠محمود حسن اسماعيل :مناهج البحث الاعلامي،القاهرة ،دار الفكر العربي،2011.

- ١١مروان عبدالمجيد ابراهيم : اسس البحث العلمی لاعداد الرسائل الجامعية،(عمان ،مؤسسة الوراق،٢٠٠٠.

- ١٢وجيه محجوب طرائق البحث العلمی و مناهجه :،بغداد،دار الحكمة ،١٩٩٢.

- ١٣يوسف عبدالامير طباجة :المنهجية البحث –تقنيات و مناهج (بيروت ،دار الهادی للطباعة و النشر و التوزيع ،٢٠٠٧.

**سێیەم: توێژینەوەکان**

١- منال بنت محمد بن عبدالعزيز آل عثمان:دراسة تحليلية لرسائل الماجستير و الدكتۆراه فی مجال التعليم الاكترۆنی بجامعة الملك سعود فی مدينة الرياض خلال الفترة ١٤١٤-١٤٢٧هـ ،نامەی ماستەر بڵاونەکراوە پێشکەشی کۆلێژی ئاداب کراوە لە بەشی ئامرەکانی فێربوون و تەکنەلۆجیا لا زانکۆی مەلیک سعود ،٢٠٠٩

٢- وداد نجم عبود الدوغجي:معايير التقويم المنهجي لبحوث الاعلام –دراسة في بناء انموذج تقويمي،قدمت الى مجلس كلية الاعلام في جامعة ابغداد،رسالة دكتوراه غير منشورة،٢٠١٦

٣- ريا قحطان الحمدانی : انواع و مضامين و مناهج البحث العلمی المستخدمه فی البحوث العلاقات العامة فی كلية الاعلام من ١٩٨٩-٢٠٠٧)، توێژینەوەی بڵاوکراو لە گۆڤاری (الباحث الاعلامی) ژمارە ٥ ئازار،٢٠٠٩.

پێگەی ئەلکترۆنی:

https://univsul.edu.iq/en/about-university-of-sulaimani. (22/6/2022) 10:50AM

چاوپێکەوتن:

سەلام نەسرەدین محەمەد، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، دەربارەی بەشی ڕاگەیاندن، (٢٠٢٢/٦/٤)، کاتژمێر (10:30 AM)

**ئاماژەکان**

*توێژەر لە زانکۆی سلیمانی زۆرینەی نامەو تێزەکانی لە کتێبخانەی ناوەندی بە شێوەی ئەلکترۆنی و هەندێکیان لە کتێبجانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە شێوەی کاغەزی دەست کەوت ، وە هەندێک لە نامەو تێزەکان لە ڕێگەی پەیوەندی کەسی خۆی بە دسستی خستن.

** ناوی پسپۆڕان و هەڵسەنگێنەڕان بە پێێ پلەی زانستیان:

١- پ. د. نەزاکەت حمه سعيد حسێن : بەشی ڕاگەیاندن ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

٢-پ.ی. د.ابراهيم سەعید فەتحوڵڵا: بەشی ڕاگەیاندن ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی .

٣- پ.ی. د سەلام نصرالدين محمد: بەشی ڕاگەیاندن ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ،زانکۆی سلێمانی .

٤-پ.ی. د.عومەر احمد رمضان : بەشی ڕاگەیاندن ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی .

٥- پ.ی.د.لانە صابر محەمەد : بەشی پەیوەندیە گشتییەکان،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی .

٦- پ.ی. د.ئاراس ارمضان : بەشی ڕاگەیاندن ، زانکۆی ڕاپەڕین.

٧- پ.ی. د. کاروان محەمەد حسن : بەشی ڕاگەیاندن ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی .

*** یە کێک لە توێژینەوەکان پسپۆڕی دیاری نەکراوە.

**** هەندێک لە توێژینەوەکان کاریان لە سەر زیاتر لە ڕەگەزێک لە ڕگەزەکان کردووە بۆیە ژمارەکە زۆرتر دەرچووە.

***** زۆربەی توێژینەوەکان زیاد لە ئامرازێکیان بەکارهێناوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتا.